www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-3-2007 22:43

## سرودی نەتەوەیی کوردستان ... محەمەد شکاک

لە سەرەتا دا دەمەوێت خوێنەران بە تێکستی سرودی نەتەوەیی کوردستان ئاشنا بکەم کە لە نوسینی شاعیری گەورە (شێرکۆ بێکەس ەو میلۆدی مامۆستایی گەورە هەڵکەوت زاهیرو دابەشکردنی نەجات ئەمین) ە

SHKAK91@YAHOO. COM

تۆ دایکمانی خۆ شەویستی سەربڵندی کوردستان
دێرینیت و پیرۆزیت سۆمای چاوی هەموومان
لە باکوربین لەباشور بین لە رۆژهەلأت رۆژئاوا
ئامانج یەکە ئالأ یەکە ئازادیش بیــرو بروا
ئەتپارێزین بە چوار دەورا وەك زنجیرەی شاخەکانت
شورەی جەستەو ورەی پۆلأ ی ملیۆنەهای لاوەکـانت
مێژووی پ.م. چرای خوێنی شەهیدانی ئەم خاکـە
تا هەتایە لەسەر سەرمان جریوەیان روناکـــــە
یەکگرتوین و بەرێگاوەین درشت و وورد چن و پیاو
بۆ دوارۆژی جوانتر لە گوڵ روناکتریش لە هەتـاو

من هەقم لەوە نیە کە ئایا ئەو سرودە جێگەی ئەی رەقیب دەگرێتەوە یان نا. بەکوردییەکەی ناوێرم چونکە دەزانم ئێستا تاوەکو چەندین مانگی دیکە قەڵەم بە دەیتە ئامادەکان کە هەمیشە قەڵەمەکانیان ئامادەیە هێرش بکەنە سەر خەڵکی و کوێرانە بە نوسینە بێ سەرو بەرەکانیان هێرشم دەکەنە سەری و لاپەرەی رۆژنامەکانیانی پێ پر دەکەنەوە بۆ یە منیش پێ یان دەڵێم خەیاڵتان خاوەو ئەو دەرفەتە تان بۆ ناخولقێنم و ناڵێم سرودی نەتەوەیی کوردستان جێگەی سرودە کلاسیکیەکەی ئەی رەقیب بگرێتەوە..
بەلأم دەمەوێت لەو نوسینەمدا تەنها باس لە ناوەرۆك و تێکست و میلۆدی ئەو سرودە بەهێزە بکەم ...
... ... ... ..
دوای ئەوەی سیدیەکی ئەوسرودەم لەرێگەی دۆستێکی خۆشەویستمەوە دەسکەوت و گوێبیستی تەواوی سرودەکە بووم بۆ دەرکەوت کە ئەو سرودە چەندە پرۆفیشناڵە ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... ... .
لەرووی تێکستەوە من پێم وایە تێکستی سرودی کوردستان بەهێزترین تێکستە کە بە ویژدانەوە باس لە کوردستان و رۆڵەکانی بکات
ئەو تێکستەش کە بەدەست و قەڵەمی شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس) نوسراوە
شاعیر لەو تێکستەیدا باس لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات بە (درشت و ووردو ژن پیاو) ەوە
وەهەروە ها مامۆستا شێرکۆ بێ کەس (باکورو باشورو رۆژئاواو رۆژهەلأت) ی کوردستانی گەورەی لەو تێکستەدا کۆکردۆتەوە
دەست و قەڵەمە زێرینەکەی بێکەس لە تێکستی سرودی کوردستان بریسکە دەداتەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەگەر بێینە سەر میلۆدی سرودەکەش و گوێبیستی میلۆدیەکەش ببین ئەوا دووبارە سەرکەوتوویی و بە هێزی ئەو سرودەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە
کە بە میلۆدیەکی جیهانی مامۆستای گەورە هەڵکەوت زاهیر ئەوەندەی تر ئەو سرودەی بە نرختر کردووە ... ..
کەچی پێم سەیرە !!!!!!!!!!!!!!!
هەرلەگەڵ دەنگۆی بڵاوبونەوەی ئەو سرودە هەندێك لایەن بێ ویژدانانەو بێ ئەوەی گوێبیستی سرودەکە ببن و بەشێوەیەکی (عشوائی) هێرشیان کردە سەر ئەو سرودەو بە سرودێکی لاوازیان لە قەڵەم دا
من نازانم بۆچی بەشێك لە ئێمە چاومان بە پێشکەوتن و و کارە جوانەکان هەڵنایەت؟
چاومان پێ هەڵنایەت یان ئەوە ڕق هەڵگرتنە لەوەی کە ناتوانین کاری جوان بکەین ئیتر لە بێ دەسەڵاتیان ڕەخنە لە کارە جوان و پرۆفیشناڵکانیش دەگرین ... ... ... ..